# ئەدەبی تورکمانی!

بەشێکی خەڵکی کوردستان تورکمانن، زمانو کولتوورو ئەدەبو هونەری خۆیان هەیە. خۆریات یا xۆریات هونەرێکی پایەبڵندی خۆرهەڵاتەو تایبەتە بە تورکمانو ئەوانیش بە بنچینەی ئەدەبو هونەری خۆیانی دەزانن. چەند جارێکە دەمەوێ هەوڵی ناساندنی ئەدەبی تازەی تورکمانەکان بدەمو بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە هەندێك لەنووسەرانی دۆستی خۆم کرد، کە بەداخەوە ئەوانیش هەر وەکی من، نەمانتوانیووە تا ئێستا ئەو هەوڵە بەئەنجام بگات. بەڵام ئایا من بۆ ئەو ئەدیبە تورکمانانە ناناسمو نەمتوانیووە راستەوخۆ پەیوەندییان پێوە بکەم؟ ئەو دوورەپەرێزییە کێ لێی بەرپرسە؟ دڵنیام پێش هەموو شتێك خۆم کە دەمارگرژیی نەتەوەیی بەربەستێکی دروست کردووە لەنێوانمانداو من تێیدا گوناهباری یەکەمم. شوورەییە ئەگەر شارەزاییەکی ئەوتۆم دەربارەی ئەدەبی نەتەوەیەك نەبێ کە لەگەڵمدا لەسەر هەمان خاك دەژیو هەمان چارەنووس هەردووکمان بەیەکتر دەبەستێتەوە. پاش هەوڵی بورهان ئەحمەدی شاعیرو بەکر دەروێشی چیرۆکنووس هەندێك لە برایانی تورکمان چەند بیروبۆچوونێکی خۆیان دەربارەی ئەدەبی تورکمانی، رابردوو و ئێستایان بۆ ناردوومو ئەویش بەزمانی عارەبییان نووسیووە. بۆ ئەوەی بکرێتە کوردی دامە یەك دوو برادەر، کەچی کەسیان ئامادە نەبوون بیکەنە کوردی، جا لەبەر ئەوەی وەڵامەکان لاوازبوون یا ئەوانیش دەمارگرژیی نەتەوەیی رێی پێ نەدابوون، نازانم؟!

ئەدەب لەخۆبوردووییەو هەر ئەو گیانەشە وای لیٚ دەکات بەئاسانی بگاتە لای هەموو کەسێكو هەر ئەو گیانەشە وامان لیٚ دەکات لەو پەرتەوازەییە رزگارمان بێتو لەدەوری کێشە ئینسانییەکانماندا کۆبینەوە.

من دڵنیام ئێستا لەناو ئەدیبانی تورکمان تواناو بەهرەی تازەو دیار هەیە، ئەگەرچی لەو ماوەیە یەکێك لەو برایانە زۆر بەتووندی دژی خۆیان نوسیبووی‌و وتبووی ئەدەبی تورکامانی تازەکان نییە!!، بەلاٚم ئەوانیش گۆشەگیرن و لەبری ئەوەی پەنا بۆ ئەدەبی کوردی‌و ئەدیبانی کورد ببەن، پەنا بۆ زمان‌و ئەدەبی عارەبی دەبەن‌و هەندێکیشیان بۆ دەربازبوون لەو گۆشەگیرییە بەزمانی عارەبیش دەنووسن، ئەگەرچی ئەوەش گرفتێکە بۆ خۆی، وەلیٚ عارەبییش ئەو گرفتەی هەیە وەکی ئەوەی کوردیش هەیەتی، بۆ نموونە سەلیم بەرەکات‌و محێدین زەنگنە..تاد.

وەکی لەزۆربەی ئەو راو سەرنجانەی لەلایەن ئەو نووسەرە بەرێزانەوە پێم گەیشتووە، ئەدیبی دیاری تورکمان لەعیراقدا ئەمڕۆ قەحتان هورمزی‌و هەمزە حەمامچی‌و محەمەد قەزانچی‌و حەسەن گورەمی‌و نەسرەت مەردان‌و منەوەر مەلا حەسوون‌و قدریە ضیائی‌و شێرزاد بابا ئۆغلو و جەلال پولات‌و..تاد.

رەمزی چاووش کە شیعر دەنووسیٚ دەربارەی شیعری ئەمڕۆی تورکمانی دەڵیٚ: "شاعیرانی تازەی تورکمانی لەکۆت‌و پێوەندی تەسکی نەتەوەیی رزگاریان بووە".

شیعر بوونەوەرێکی جیهانییە، وەلیٚ لەخاکی زۆر خۆماڵیدا دەڕوی‌و دەژی، وەکی بولبول چۆن لەگوڵزارو دارستان دەخوێنیٚ، کەچی ئاوازو کاریگەریی دەنگی بە هەموو مرۆڤێك دەگات، شاعیران بولبولی خۆشخوانن!

دەربارەی قۆریات یا خۆریات، چاووش دەڵیٚ: جۆرێکە لەجۆرەکانی کولتووری کۆنمان‌و گۆرانییە زیاتر لەوەی بخرێتە قالبی شیعرەوە، ئەو جۆرە گۆرانییە لە دارشتندا زۆر سادەیە، بەلاٚم موعاناتی ئەو مرۆڤانە دەردەبریٚ کە بەدرێژایی رۆژگار هەمیشە چەوساوەبوون. قۆریات زمانێکی بیٚ گرییەو بریتییە لەچوارینە، چوارینەش کولتوورێکی خۆرهەلاٚتییە. چۆن کورد لاوك‌و عارەب بوزیەی هەیە، تورکمانیش خۆریات.

دەربارەی شیعری تازەش دەڵیٚ: شیعری تازەی تورکمانی بەچەند هەنگاوێکدا چۆتە پێشەوە، ئێستا لای هەندێك لەشاعیران پەخشانە شیعر باویەتی‌و لای هەندێکی تر شیعری ئازاد، گرنگ ئەوەیە نەوەی تازە نەوەیەکی تخووب بەزێنەو تا ئێستا شیعر لەپێش هەموو ژانرەکانی تری ئەدەبەو لەدوای ئەو چیرۆکی کورت دیٚ.

چاووش ئاماژە بۆ رستەیەکی شیعریی حەسەن گورەمی دەکا کە دەڵیٚ: شکاندنی کۆت‌و پێوەندی نائومێدیم مەبەستە.. ئەو هاوارە بۆ هەمووانە. هەروەها یاڵچین خەیروڵلاٚ بەللو، کە ئێستا لە تووز دەژی‌و شیعر دەنووسیٚ‌و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی شاعیرانی گەنج لە سەلاحەدین‌و سەرنووسەری (صوت شعر)ە، دەڵیٚ: نەتەوەی تورکمان زۆری چەشتووە لەتالاٚوی رۆژگارو ئەدەبەکەشی دەربری ئەو تالاٚوەیە! ئەو پێی وایە پەیامی ئێستای ئەدەب پێکەوە ژیانی مرۆڤەکانە لەرێی برایەتییەکی راستەقینەدا، کەچی فەخری عاشق لەرێی شیعری رۆمانسییەوە تەعبیر لەو پەیامە دەکات‌و دەڵیٚ: دەڵێن خۆشەویستی لەئاسماندا دێتەخواریٚ، دیٚ‌و وەکی چارەنووس سیحرمان لیٚ دەکا..و لەبەرانبەریدا بەرگە ناگرین چەند چرکەیەك!

دڵنیام ئەو چۆرە هی تری بەدوادا دیٚ‌و دواجاریش لەو جۆرە دەستپێشخەرییانە دەرکەوتنی کانیی ئەدەبی تورکمانی مەبەستمانە.

دڵشاد عەبدوڵلاٚ